Published on *Institute for War and Peace Reporting* (https://iwpr.net)



# پیشەسازی نەوت ناتوانێت بە هەموو توانای خۆی کاربکات

**Author:** IWPR

توندوتیژی و گەندەڵی و بەقاچاغبردنی نەوت بوونەتە ڕێگر لەبەردەم ئەو هەوڵانەدا کە بۆ سوودوەرگرتن لە سامانی زۆروزەوەنی نەوتی عێراق دەدرێن.

"نا بۆ خوێن بەرامبەر نەوت" بەرزبۆوە. سامانی گەورەی نەوتی عێراق، کە وا باوەڕدەکرێت دووەم یان سێیەم گەورەترین سامانی نەوت بێت لە جیهاندا، وەکو هۆکاری سەرەکی سەیردەکرا لە پشت پەلاماردانی عێراق و لابردنی رژێمی سەدام حسەینەوە بێت.

لە رواڵەتدا، ئەم تیۆرەیە تیۆرەیەکی بەجێ دیاربوو. لە ترۆپکی بەرهەمهێنانی نەوتی عێراقدا لە ساڵی ١٩٧٩ دا، رۆژانە نزیکەی ٤ ملیۆن بەرمیل بەرهەمدەهێنرا. ئەو ژمارەیە دابەزی بۆ ٢،٦ ملیۆن بەرمیل لە ساڵی ٢٠٠٢دا، واتە کەمێك پێش داگیرکردنی عێراق. لە بەغدا، هەر زوو دوای شەڕ، لێپرسراوانی ئەمریکی بە لە خۆبایفوونەوە پێشبینی ئەوەیان کرد کە بە خستنەگەڕی هەوڵێکی کەم، ئاستی بەرهەم لە ماوەی ١٨ مانگدا دەگاتە ٣،٥ ملیۆن بەرمیل نەوت لە رۆژێکدا و پێنج بۆ شەش ملیۆن بەرمیل نەوت لە ماوەی چەند ساڵێکدا.

بەپێچەوانەی ئەو بۆچوونانەوە، ئەمرۆ عێراق ١،٩٥ ملیۆن بەرمیل نەوت بەرهەمدەهێنێت لە رۆژێکدا، بەپێی ئامارەکانی ئاژانسی پشکنینی گشتی تایبەت بۆ ئاوەدانکردنەوەی عێراق، کە ئاژانسێکی ئەمریکیە لێپرسراوە لە سەرپەرشتیکردنی ئاوەدانکردنەوەی عێراق. لە کۆی ٧٨ کێڵگەی نەوتی زانراودا تەنها ٢٧یان ئیشدەکەن. توندوتیژی و گەندەڵی و بەقاچاغبردنی نەوت بوونەتە ڕێگر لەبەردەم ئەو هەوڵانەدا کە بۆ سوودوەرگرتن لە سامانی زۆروزەوەنی نەوتی عێراق دەدرێن.

بەرهەمهێنانی نەوت، بەپێی ئاماژەی راپۆرتەکان، پیشەسازیەکی زۆر لاوازە، دوچاری کاری تێکدەرانە دەبێتەوە و پشتبەستووە بە سەرمایەگوزاری زۆر گەورە. ئەگەر نەوت هۆکارێك بوویێت بۆ سەرنگونکردنی رژێمی سەدام، ئەوا ئەو مەسەلەیە باش بیری لێنەکراوەتەوە.

داگیرکردنی عێراق بەسەرکردایەتی ئەمریکا زیانێکی گەورەی لێنەکەوتەوە، بەڵام پیشەسازی نەوت زیانێکی گەورەی لێکەوت بە هۆی ئەو تاڵانیەی کە یەکسەر دوای شەڕ وڵاتی گرتەوە.

لە سەردەمی سەدامدا، وەزارەتی نەوت بە گشتی سومعەیەکی باشی هەبوو، خەڵکانی تەکنۆکراتی بەتوانا تێیدا ئیشیاندەکرد کە حەزیان لە ئیشەکە بوو.

بەڵام ئێستا ئەو وەزعە چیتر وانیە. سەبارەت بە وەزارەتەکانی تر، ستافی شارەزا لابراو و خەڵکانی کەمتر شارەزا خراونەتە شوێنیان کە بەزەبری تەزکیەی سیاسی دامەزرێنراوون.

یاسایەکی نوێی نەوت، کە ئیدارەی سەرۆك جۆرج بۆشی ئەمریکی وەکو یەکێك لە "باشترین هۆکار" بۆ هێورکردنەوەی توندوتیژی لە عێراقدا و جێگیرکردنی رێوشوێنێکی عادیلانە سەیریدەکات بۆ دابەشکردنی قازانجەکانی نەوت، ئەوە چەند مانگە لە پەرلەمانی عێراقیدا پەکخراوە. هیچ کام لە گروپەکانی حکومەتی عێراقی ئیرادە یان توانای سازشکردنیان نیشان نەداوە بۆ ئەوەی بگەنە ڕێکەوتنێك لەسەر ئەو یاسا پێشنیازکراوە.

تەنانەت ئەگەر ناکۆکیەکەش چارەسەربکرێت، پیشەسازی نەوت خۆی لە خۆیدا وێرانە بەهۆی گەندەڵی بێئەندازە و هێرشی چەکدارەکانەوە. ئاژانسی پشکنینی گشتی لە ٣٠ تەمووزدا راپۆرتێکی دەرکرد مەسەلەی بەقاچاغبردنی نەوتی بەوە وەسفرکردووە کە "تەشەنەیکردووە" و "سەرەنجام هەموو شوێنێك دەتەنێتەوە."

ئەم حاڵەتە هەڕەشە لە توانای عێراق دەکات کە بتوانێت پارێزگاری بە ئاستی ئێستای بەرهەمهێنانی نەوتەوە بکات چ جا بتوانێت زیادیبکات.

وەکو ئەو سێ بابەتەی ئەم راپۆرتە تایبەتە نیشانیدەدات، بەقاچاغبردنی نەوت و دزینی کەلوپەل و هێرش بۆ سەر بۆریە نەوتەکان و لێپرسراوە گەندەڵەکان، بەرهەمهێنانی نەوتیان ئیفلیجکردووە.

تەنها لە باکوردا کە حکومەتی هەرێمی کوردستان بەڕێوەیدەبات، ئەو بیرە نەوتانەی تازە لێدراون و بەرهەمهێنانی جێگیری نەوت وادیارە باشتر بەڕێوەدەچێت. بەڵام خودی ئەم سەرکەوتنە سوننە و شیعەی بێتاقەت کردووە بەتایبەت لە ناوچەی کەرکوکی بە نەوت دەوڵەمەنددا کە ناکۆکی لەسەرە و کورد حەزدەکەن بیخەنە سەر هەرێمەکەی خۆیان.

کریستۆف رۆیتەر موحەریرێکی ئینستیتۆی رۆژنامەوانی جەنگ و ئاشتی (IWPR)ە

**Location:** Iraqi Kurdistan
Iraq

**Topic:** Special Report: Oil and Corruption in Iraq

---

**Source URL:** https://iwpr.net/ku/global-voices/%D9%BE%DB%8C%D8%B4%D9%87%E2%80%8C%D8%B3%D8%A7%D8%B2%DB%8C-%D9%86%D9%87%E2%80%8C%D9%88%D8%AA-%D9%86%D8%A7%D8%AA%D9%88%D8%A7%D9%86%DB%8E%D8%AA-%D8%A8%D9%87%E2%80%8C-%D9%87%D9%87%E2%80%8C%D9%85%D9%88%D9%88-%D8%AA%D9%88%D8%A7%D9%86%D8%A7%DB%8C-%D8%AE%DB%86%DB%8C-%D9%83%D8%A7%D8%B1%D8%A8%D9%83%D8%A7%D8%AA